# چارەسەرێکی نموونەیی
# بۆ
# تووشبووان بە خووی نهێنی


نوسینی : رامي عبدالله خالد

و. بەدەستکاریەوە : إدريس محمود

پێداچونەوەی :ماموستا عدنان بارام



چاپی یەکەم ١٤٣١ کۆچی


==========================================================


لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com


هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی نوسەر[١]

(إنَّ الحَمدَ للهِ، نَحمَدُهُ وَنَستَعِينُهُ وَنَستَغفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِن شُرُورِ أنفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أعمَالِنَا، مَن يَهدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَن يُضلِل فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأشهَدُ أن لا إلَهَ إلا اللهُ وَحدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران : ١٠٢]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء : ١]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١]

أما بعد:(فَإنَّ خَيرَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدِيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشَرَّ الأمُورِ مُحدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحدَثَةٍ بِدعَة، وَكُلَّ بِدعَةٍ ضَلالَة، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار).

**بۆ هەموو خاوەن نەهامەتیەکان، بۆ هەموو ئەوانەی کارەکەیان بە لاوە گرنگە ...**

**بۆ هەموو ئەوانەی بەڕاستی بە دوای حەوانەوە و ئارامی و پاراستنی ئایین و نەفس و تەندروستی بیروباوەڕدا دەگەڕێن .**

**بۆ هەموو ئەوانەی ڕۆچوون لە دەریای ئەم کارەدا و نازانێت ئەم چی لەو دەوێت و ئەویش چی لەم دەوێت .**

**بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خۆیان لەم کارە بپارێزن لەگەڵ پاراستنی ئەو کەسانەی لەدەوروبەریاندان .**

---

**[١] ئەم نامیلکەیە لە ئەصڵدا ناوەکەی بەم شێوەیەیە: ( الانتصار على العادة السرية )، بەڵام ئێمە لە کاتی وەرگێڕاندا ناوەکەمان گۆڕیوە و کردوومانە بە (چارەسەرێکی نموونەیی بۆ تووشبووان بە خووی نهێنی) .**

بۆ هەموو سەرپەرشتیاران (بە تایبەت باوکان و دایکان ) کە زۆر پێویستیان بەوە هەیە خۆیان لە منداڵەکانیان نزیك بکەنەوە و ژینگەیەکیان بۆ دابین بکەن کە لە پاش خوای گەورە ئەو ژینگەیە یارمەتیان بدات بۆ حەوانەوە و بەختەوەری و بەردەوام بوون لەسەر ئایین .

لە برایەکتانەوە کە خوای گەورە نیعمەتی بەسەردا ڕشتووە بە پێدانی کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی خووی نهێنی ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك خوێندنەوەی ئایینی و پزیشکی و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە و ڕاهاتوون لە سەری و خاوەن ئەزموونن (لە لاوان ) ئەوانەی کەپاشان خوای گەورە نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون و وازیان لێ هێناوە و ئێستا هەست بە حەوانەوە و بەختەوەری دەکەن ، هەروەها بە وەرگرتنی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی تەمەنیان گەورە بووە و شارەزاییان لەم بابەتەدا هەیە و دەتوانن هەندێك سوود و ئامۆژگاری پێشکەش بکەن ، لە هەموو ئەو سەرچاوانەوە ئەم بڕە زانیاریە بەدەست هاتووە لە سەر خووی نهێنی ، شوێنەوارە ئاشکرا و دیارەکانی وە شوێنەوارە هەست پێ نەکرا و نادیارەکانی ، هۆکارەکانی ڕاهاتن لەسەری ، پاشان تەرکیز خستنە سەر ڕێگاکانی خۆپاراستن و چارەسەر سەرباری چەند قەناعەتێکی فیکری کە یارمەتی دەدات لە دژایەتیکردن و نەهێشتنی ئەم کارەدا بۆ هەموو ئەو کەسانە ئەم کۆششە کەمەی خۆم پێشکەش دەکەم ، و داوا لە خوای گەورە دەکەم بەرەکەت داری بکات بەو هۆیەوە سوودێك بۆ هەمووان بەدی بێت بەڕاستی هەر خوایە بیسەر و وەڵامدەرەوەی پاڕانەوە .

**تێبینی**/ وتەکانمان لە زۆربەی بڕگەکاندا ئاراستەی نێرینە کردووە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە تەنها مەبەستمان نێرینە بێت، چونکە ئەم نەهامەتییە هەردوو ڕەگەزی نێرینە و مێینەی گرتووەتەوە ، بۆیە با گوێ بەوە نەدرێت و هەرشتێك لەم نامیلکەیەدا لەگەڵ حاڵەتەکەی تۆدا (کچ یان کوڕ) دەگونجێت وەری بگرە و جێ بەجێی بکە .

## چی دەزانیت دەربارەی خووی نهێنی[٢] ؟

کارێکە ئەنجامدەرەکەی ڕاهاتووە لە سەری ، زۆرجار بە تەنهایی و دوور لە چاوی خەڵکی ئەنجامی دەدات ، وە ڕێگا و وەسیلەی جۆراو جۆری ئارەزوو جوڵێنەر بەکار دەهێنێت ( کە لانی کەم خەیاڵی جنسیە ) ئەویش لە پێناوی ئاوهاتنەوە بەمانایەکی تر (الاستمناء ) .

ئەم عادەتە لە ڕووی وەسیلە بەکار هاتووەکان و شێوازی ڕاهاتن و ڕێژەی ئەنجامدانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت ، هەندێکیان ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن ، وە هەندێکی تریشیان هەفتانە یان مانگانە ، یان کەسی وا هەیە لە ڕۆژێکدا چەند جارێك ئەنجامی دەدات ، بەلاّم کەسی واش هەیە تەنها لەکاتێکدا ئەنجامی دەدات شەهوەتی بجوڵێت بە هۆکارێکەوە جا ئەو کارە بە ویستی خۆی یان بە بیٚ ویستی خۆی بێت.

جۆرەها چینی جیاوازی کۆمەڵگا پرسیار دەکەن، سکالاّی حاڵی خۆیان دەکەن و دەگەڕێن بە دوای چارەسەردا بۆ ئەم دەردە کوشندەیە بەلاّم بیٚ سودە ، هەندێکیان بە دوای گۆڤارە بازرگانی و کۆمەلاّیەتیەکاندا وە هەندێکیشیان بە دوای پزیشکە دونیاییەکاندا سەرگەردانن بە هیوای ڕزگاربوون لەم نەخۆشییە بەلاّم بەداخەوە زیاتر نوقوم دەبن تیایدا.

بۆچی ؟

کێشە چیە ؟

شوێنەوارەکانی چین؟

ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی بلاّوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ناو موسوڵماناندا،بە ڕادەیەك کە بووەتە نهێنیەکی هاوبەش لە نێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بە کوڕو کچ و هەرزەکارو بەتەمەن و پیاو چاك و گومڕادا؟

ئایا ڕزگاربوون لیٚی کارێکی گرنگە ؟

چۆن خۆت دەپارێزیت پێش ئەوەی توشی ببیت؟

---

[٢] لە ناو کورددا لە زۆر شوێن پیٚی دەوترێت: دەستپەڕ، وە لە کۆنیشدا بە (جلوقی ) ناوبراوە ، لە ناو عەرەبیشدا چەند ناوێکی هەیە لەوانە: (الاستمناء) و (العادة السرية) و(جلدة عمير ) .

**هەنگاوەکانی ڕزگاربوون لەم عادەتە چیە؟**

ئێستاش وازت لێدەهێنین لەگەڵ لاپەڕەکانی ئەم باسەدا و داوا لە خوای گەورە دەکەین ئەو شتەی بە دوایدا دەگەڕێیت لەم کتێبەدا بیدۆزیتەوە، و وەڵامی پرسیارەکانتی تێدابێت ولەوانەش گرنگتر ئەوەیە ئەم کتێبە ببێتە هۆکارێك بۆ لەناوبردنی ئەم دەردە لە ناو کۆمەڵگای موسڵماناندا ، هەر خوایە بیسەری هەموو شتێکە و وەڵامی بەندەکانی دەداتەوە...

## شوێنەوارەکانی خووی نهێنی

**أ- شوێنەوارە ئاشکرا و دیارەکانی:-**

١. **نەتوانینی جینسی ( زوو ئاوهاتنەوە ، خاوبوونەوەی زەکەر، لەدەستدانی شەهوەت ) :-**

زۆرێك لە پسپۆڕەکان دابەزینی توانا جنسییەکانی پیاو لە ڕووی هێزی ڕەق بوونی زەکەر، و چەندجار جووت بوون، و زوو ئاوهاتنەوە، و کەم بوونەوەی ئارەزووی جووت بوون، و چێژوەرنەگرتن لە جووتبوون لەلایەن نێرینە و مێینەوە، دەگێڕنەوە بۆ زیادەڕەوی کردن لە ئەنجام دانی خووی نهێنی ( هەفتەی سێ جار یان هەموو ڕۆژێك جارێك بۆ نمونە ) ئەم نەتوانینە جنسییە زۆر جار لە تەمەنی لاوێتیدا دەرناکەوێت و هەستی پێ ناکرێت ، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا ئەم نەخۆشیانە سەرهەڵدەدەن و دەردەکەون.

چەندن ئەو پیاو و ژنانەی کە ئەمڕۆ بەدەست شوێنەوارەکانی ئەم عادەتەوە دەناڵێنن؟

وە چەندن ئەوکەسانەی کە ژیانی ژن ومێردایەتیان ناخۆشە و بە دوای دەرمان ودکتۆردا سەرگەردانن بۆ چارەسەری کێشە جنسیەکانیان ؟

بەڕاستی جێی داخ وخەفەتە کە چەندین کەس هەن ڕۆژانە سەردانی عیادە و دەرمانخانەکان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە جنسییەکانیان بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەروەها جێی داخە کە ڕێژەیەکی بەرز لەو کەسانە لە تەمەنی لاوێتیدان (سی ساڵان وچل ساڵان ) ئەمەش لەو لێکۆڵینەوانەدا دووپات کراوەتەوە کە هەندێك لە کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی دەرمانی بەهێزکردنی جینسی پێی هەستاون، و لەو لێکۆڵینەوانەدا تێبینی ئەوە کراوە کە ڕێژەیەکی زۆر زۆر لە پیاوان (لەوتەمەنانەی باسمانکرد) دەناڵێنن بەدەست شوێنەوارەکانی نەتوانینی جنسیەوە، و زۆرێك لەوانە پارەیەکی زۆر زۆر خەرج

دەکەن بۆ کرینی ئەو دەرمانانەی کە هێزی جنسی چالاك و زیاد دەکەن ، بە بیٚ گوێدانە ئەو زیانانەی کە لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانە ( بە هێزکەرانە ) وە دەکەویتەوە و شوێنەواری دەبێت لەسەر تەندروستیان لە داهاتوویەکی نزیکدا .

**٢. هەست کردن بە ماندوویتی و ئازار و لاوازی جەستە :-**

ئەم خووە دەبیتە هۆی لاوازکردنی هێزی جەستە بە تایبەتیش کاریگەری لە سەر کۆ ئەندامی دەمار و ماسولکە دەبیت، هەروەها دەبیتە هۆی ئازاری پشت و جومگەکان و ئەژنۆکان و لەرزین و کزبوونی چاو، هەموو ئەوانەش باسمان کرد هەندیك جار لە پانزە سالیدا هەستی پیٚ ناکریت جاری واش هەیە تا (٢٠)بیست سالان، بەلاٚم ڕاستەوخۆ دوای ئەو قۆناغە هێزی جەستە بە تەواوی و بە پلە پلە ڕوو لە کزی و داڕووخان دەکەن ، بۆ نمونە ئەگەر کەسەکە وەرزشکار بیت بیٚ گومان چالاکی و لیاقەی جەستەیی کەم دەکات ، وە توانا جەستەییەکانی تریش لەسەر ئەوە بەراورد دەکریت، یەکیك لە زانایانی پیشین دەفەرمویت: ( إن المني غذاء العقل ونخاع العظام وخلاصة العروق ) .

واتە : مەنی خۆراکی عەقل ، و مۆخی ئیسقانەکانە ، و پالاٚوتەی دەمارەکانە .

وە یەکیك لە لیکۆلینەوە پزیشکیەکان دەلیت : یەك جار ئاو هاتنەوە ئەوەندەی هەولٚ وکۆششی کەسیکە بۆ ماوەی چەند کیلۆ مەتریك ڕابکات بە بەردەوامی .

**٣. پەرتبوونی زەین ( ذهن ) و لاواز بوونی بیرو هۆش( ذاكرة ) :**

ئەو کەسەی ئەم عادەتە ئەنجام دەدات توانای تەرکیز لە دەست دەدات و تواناکانی لە بەرکردن و تیگەیشتن و وەرگرتن ( استيعاب )ی کەم دەبیتەوە تاوەکو وای لیٚ دیت زەینی پەرتەوازە دەبیت و بیرو هۆشی لاواز دەبیت و توانای گفت وگۆ کردنی لە گەلٚ کەسانی تردا کەم دەبیتەوە ، و ناتوانیت بە شیوەیەکی ڕاست و دروست لە کارەکان تیبگات .

بۆ نمونە ئەگەر کەسیك زیرەك بیت لە خویندندا ئەوا دوای ماوەیەك توانای لە بەرکردن و تیگەیشتنی بەشیوەیەك دادەبەزیت کە توشی دلەڕاوکیٚی دەکات و ئاستی زانستی دادەبەزیت .

**٤. ئەنجامدانی ئەم خووە لە دوای ژیانی هاوسەری:**

زۆرێك لە ئەنجام دەرانی ئەم خووە بە نێرینە و مێینەوە وا گومان دەبەن کە ئەم عادەتە قۆناغێکی کاتییە کە چەند بارودۆخێکی وەکو هێزی شەهوەت لە تەمەنی هەرزەکاریدا و بەتاڵی و زۆری شتە لەخشتەبەر و فریودەرەکان پێویستیان کردووە.

وە هەندێك پاساوی بۆ ئەم خووە ئەوەیە کە ناتوانێت لە تەمەنێکی زوودا زەواج بکات یان دەڵێت بە هۆی ئەم خووەوە خۆمان لە زینا و فاحیشە دەپارێزین، بۆیە ئەو کەسانە پێیان وایە بە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی ئیتر نەهامەتیان نامێنێت و دەتوانن بە ڕێگای شەرعی لایەنی جنسی خۆیان تێر بکەن ، بەڵام ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە ، چونکە واقیعی و ڕاشکاوی ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوانەی لە سەر ئەم خووە ڕاهاتوون زۆر جار ناتوانن وازی لێ بهێنن هەتا دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیش.

بەڵکو هەندێك کەس بە ڕاشکاوی دەڵێن : کە چێژ لە غەیری ئەم خووە نابینن ، بەشێوەیەك هەر یەك لە ژن و پیاو هەست بە کەم و کورییەکی دیاریکراو دەکەن و ناتوانن بە تەواوی لە ڕووی جنسیەوە یەکتر تێر بکەن ، ئەمەش دەبێتە هۆی لێك دوورکەوتنەوەی ژن و پیاوەکان و دروستبوونی کێشەی ژن و مێردایەتی و هەندێك جاریش تەڵاقی لێ دەکەوێتەوە ، وە هەندێك جار ژن و پیاوەکە بە نهێنی لایەنەکەی تر یان بە ئاشکرا ئەم خووە ئەنجام دەدەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورییە جنسیەی کە لە ژیانی هاوسەرێتیدا هەستی پێ دەکەن

**٥. هەست کردن بە پەشیمانی :-**

لەو شوێنەوارە دەروونیانەی کە ئەم خووە خراپە بەجێی دەهێڵێت هەست کردنی بەردەوامە بە ئازار و پەشیمانی ، بە شێوەیەك کە ئەنجامدەرانی ئەم خووە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەرچەندە ئەم خووە چێژ و لەزەتێکی کاتی هەیە (بۆ ماوەی چەند چرکەیەك ) کە ئەنجامدەرەکەی لە سەر ڕاهاتووە و تێیدا نقوم بووە بێ ئەوەی هەست بەو زیانانە بکات کە لێی دەکەوێتەوە ، کەچی ئەم خووە ئەنجامدەرەکەی تووشی هەستکردن بە پەشیمانی و ئازار دەکات دەست بەجێ پاش ئاوهاتنەوە و تەواو بوونی سەرگەرمیەکەی چونکە هیچ شتێکی بۆ زیاد نەکردووە.

**٦. پەككخستنى تواناكان :-**

ئەمەش بە زۆر حەزكردن لە خەو يان خەوى ڕێك نەخراو و بەفيڕۆدانى زۆربەى كات لە نێوان ئەنجامدانى ئەم عادەتە و خەوتن دا بۆ قەرەبووكردنەوەى ئەو توانايەى كە سەرفى كردووە ، بە هۆى ئەمەش گۆشەگير دەبێت و توشى دڵە ڕاوكێ و (نەخۆشى دەروونى دەبێت) .

ئەوەى باسمان كرد شوێنەوارەكانى ئەم خووە بوون لە ڕووى پراكتيكيەوە، وە لە ڕێگەى وتەى ئەو كەسانەى ئەم خووە ئەنجام دەدەن ، ئەوەشى دەيەوێت زانيارى زياترى دەست كەوێت ئەوا با ئەو كتێبە ڕاستگۆيانە (نەك بازرگانيانە) بخوێنێتەوە كە لەم بارەيەوە نوسراون .

## شوێنەوارەكانى خووى نهێنى

**ب- شوێنەوارە ناديارەكانى**

ئەمانەش ئەو زيانانەن كە لە ماوەيەكى كەمدا هەستيان پێ ناكرێت يان هەستيان پێ دەكرێت بەڵام نازانرێت دەرئەنجامى ئەم خووە خراپەن ، وە واقيع و لێكۆڵينەوەكان دەيسەلمێنن ئەم خووە دەبێتە هۆى ئەم شوێنەوارانەى خوارەوە:

**١. خراپ كردنى شانەكانى مۆخ و زاكيرە :-**

كەسێك كە ئەم كارە ئەنجام دەدات لە خۆوە نايكات چەند سەرچاوە و بزوێنەر و هۆكارێك وايان لێكردووە ئەو كارە بكات ...

لەوانەش:-

(أ) **سەرچاوەى دەرەكى** : ئەمەش بريتى يە لە وێنە و فيلم و ديمەنە ڕاستەقينە ئارەزوو جوڵێنەرەكان .

(ب) **سەرچاوەى ناوخۆيى** : ئەمەش عەقڵى ئەنجامدەرى ئەم خووەيە كە خەياڵى جينسى وێنە دەكات كە دەبێتە هۆى جووڵاندنى شەهوەت ئەم خەياڵەش يان لەگەڵ كەسانێكى ڕاستەقينەدا دەبێت كە بوونيان هەيە يان خەياڵێكى وەهمى و ناڕاستەقينەيە، تايبەتمەندى ئەم خەياڵانەش ئەوەيە كە لە ئاستێكدا ناوەستێت و بە تەنها چيرۆكێكى دووبارەوە خۆى كورت هەڵناهێنێت چونكە ئەگەر وابێت تواناى لە سەر جووڵاندنى شەهوەت و گەشتن بە ئاوهێنانەوەى كەم دەبێتەوە بەڵكو خەياڵەكە

خەیاڵێکی تازە و گۆڕاوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چیرۆکەکانی تێدا دەگۆڕێت تاوەکو لە ڕووی جنسیەوە بتوانێت خۆی تێر بکات بۆ نمونە ئە گە ر بڵێین خانەکانی هۆش(خلايا الذاكرة) بریتین لە کتێبخانەیەك بۆ کاسێتی ڤیدیۆ بیربکەرەوە کە قەبارەی ئەو کاسێتانە (خانانە) چە ند دەبن کە بۆ خەیاڵی جنسی تەرخان کراون بەراورد بەو خانانەی کە بۆ زانیاریەکانی خوێندن تەرخان کراوە یان جگە لەوە لە زانیارییە بەسوودەکان و بێ سوودەکان ؟

**وەڵام** / ئەگەر بتوانین بەڕاستی قیاسی ئەو ژمارە کاسێتە زۆرە بکەین و بەراوردێك بکەین ئەوا دەبینین ئە و خانانەی تایبەت بە خەیاڵی جنسین زۆر لەوانەی تر زیاترن.

هۆیەکەیشی زۆر بە سادەیی ئەوەیە کە خەیاڵی جنسی کارێکی نوێبووەوە و دوبارەیە لە کات و شوێندا بە پێچەوانەی جۆرەکانی تری زانیارییەوە  کە کات و شوێنیان دیاریکراوە.

بۆیە زانیاریە جنسیەکان بەردەوام و بە شێوەیەکی ترسناك لە زیاد بووندایە لە کاتێکدا زانیارییەکانی تر بە هۆی کەمتەرخەمی و بەردەوام بە کارنەهێنانیەوە کەم دەبێتەوە گومانی تێدا نیە کە ئەنجامدەرەکەی لە تەمەنێکی کەمی تەمەنیدا هەست بەم بەراوردە ناکات چونکە هێشتا هەردوو جۆری زانیاری بەسوود و بێ سوود بە دەست دەهێنێت.

بۆیە بە تەواوبوونی دەست کەوتنی زانیاری خوێندنی تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەموو شتێك دەپێکێتەوە.

بەشێوەیە کە خانەکانی بەدەستهێنانی زانست دەوەستێت (دەیبەستێت) و وەکو کاسێتی ڤیدیۆیی کۆنی لێ دێت کە خاوەنەکەی دەیسرێتەوە بۆ ئەوەی فیلمێکی تازەتری بخاتە سەر بۆ پڕکردنەوەی خانە بەکارنە هاتووەکانی مۆخ (ئەمەش ڕوودەدات بە بێ ئەوەی بیەوێ یان تێبینی بکات) و بەرە بەرە زانیاری بە سوود لەو خانانەدا نامێنێت و هە مووی جنس و شتی پڕوپوچ دەیگرێت ، پاش دەرکردنی ئەو شتانەی بە سوودن لە زانستە دینی و دونیاییەکان .

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە دەتوانین پرسیار لە هەر لاوێکی ڕاهاتوو لە سەر خووی نهێنی بکەین کە ئایا  پاش دەرچوونی لە زانکۆ یان ناوەندی خوێندن بە تەنها سێ ساڵ هیچی لە بیر ماوە ، لەوانەیە کاتەکە هەندێك جار زۆر لەوەش کەمتر بێت.

**٢. لەدەستدانی بنەما و بەهاکان( چۆن خەیاڵ دەگۆڕێت بۆ واقیع ):**

هە ندێك لە ئەنجام دەرانی خووی نهێنی بیرۆکە و بۆچوونێکی زۆر هەڵەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن : ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە فیتنە و شتە فریودەرەکان تیایدا زۆرن ، و بۆ ئەوەی کچ و کوڕی گەنج خۆی لە زینا و فاحیشە بپارێزێت دەبێ ئەم عادەتە ئەنجام بدات بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەهوەت و بەدەستهێنانی توانا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم فیتنانە!!!

بەڵام حەقیقەت بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە ، و چیرۆکە واقیعیەکان و ڕاشکاوی هەندێك لە ئەنجامدەرانی ئەم خووە ئەوە دەسەلمێنن کە زۆرێك لەو کەسانەی لە ژینگەیەکی بە ڕەوشت و دینداردا پە روەردە بوون و پاشان لایانداوە و کێشەی ئەخلاقیان تووش بووە ، هۆکاری ئەو لادان و گومڕابوونانە کاریگەری شەهوەتە جنسیەکان بووە ، کە گرنگترین ئامرازەکانیشی خووی نهێنیە .

دەبینیت ئەنجامدەری ئەم خووە لە سەرەتادا کەسێکی بە ڕەوشت و دیندار بووە بەڵام پلە پلە ئارەزووە جنسیەکانی زیاددەکەن و خەیاڵی جنسی پێویستی بە نوێکردنەوە و وروژاندنی زیاتر و گەورەتر دەبن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دیارە ئەم خەیاڵە جنسیانەشی بە دووبارە بوونەوەی دیمەن و چیرۆکەکان و بەردەوام خەیاڵ کردن لە کەسانێکی وەهمی بەدی نایەت .

بۆیە لێرەوە کەسەکە بیردەکاتەوە لە دروستکردنی پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ دەوروبەرەکەی یان گەشت کردن یان زۆر ڕێگای تر کە خاوەنەکانیان دەیزانن .

لەوانەیە لەسەرەتاوە نەیەوێت یان نەوێرێت خەیاڵە جنسیەکانی لە واقیعدا جێبەجێ بکات چونکە هێشتا خاوەن ڕەوشت ودینە ، بەڵام دوای ماوەیەك و پاش ڕۆچوون لە خەیاڵە جنسیەکان لە لایەك و بینینی فیلم و وەسیلەکانی تر کە بزوێنەری جنسین لەلایەکی ترەوە (کە هەموویان وەسیلەی تەنها بەرجەستەکردنی پەیوەندیەکی ئاژەڵیانەیە) ، تاوەکو بیروباوەڕی ئەو کەسە هەژارانە پلە پلە ڕوو لە داڕمان دەکات تاوایان لێ دێت دەبنە خەڵکانێك بە مەفهومی ئاژەڵان کە گوێ بە ئایین و ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکان نادەن .

ئەم عادەتە لە بری ئەوەی لاوان بپارێزێت لە کەوتنە تاوانەوە کەچی بە ڕاهاتن لە سەری دەبێتە هۆکارێك بۆ کۆتایی وپاشە ڕۆژێکی بە ئێش و ئازار کە بەسەر زۆر لە ئەنجامدەرانی ئەم خووەدا

هاتووە و بووەتە هۆی ڕاهاتن لەسەر زینا ونێربازی کە بە هۆی ئەم دوو تاوانە قێزەونەشەوە تووشی نەخۆشی کووشندەی وەکو ئایدز بوون یان تووشی سزای دونیایی وەکو سجن و تەعزیر یان تووشی تەلاق دان یان ئابڕووچوونی لای خزم وکەسو کار و جگە لەوانەش بوون کە دەیانبیستین ودەیانبینین یان تووشی ئاخر شەڕی دەبن لەسەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانەی کەباسمان کرد، داوا لە خوای گەورە دەکەین لە خراپەی دەرونمان بمان پارێزێت و خراپە و خراپەکاریمان لێ لا بدات وهەموومان بپارێزێت.

**٣. نەمانی شەرم وداوێنپاکی :-**

زۆر ڕۆچوون لە ئەنجام دانی خووی نهێنیدا بەشێوەی پلەپلە دەبێتە هۆی نەهێشتنی نیشانەکانی شەرم وداوێن پاکی وڕووخاندنی بەربەستەکانی دین ورەوشت، ئەگەر ئەمە بەنیسبەت کوڕانەوە ڕوون وئاشکرا بێت ئەوا بەنیسبەت ئافرەتانەوە زۆر ڕوونترە ، بۆیە لات سەیر نەبێت کە ئەو گەنجەی تا دوێنێ زۆر بەڕەوشت بووە و نەیوێراوە سەیری شەرەف و نامووسی خەڵکی دەورووبەری لە دراوسێ وخزمەکانی هەتاوەکو خەڵکی سەر جادەش بکات ئەمڕۆ وای لێ هاتووە دوای شەرەف و نامووسی خەڵکی کەوتووە و دەستی کردووە (بەڕاوە کچ یان ڕاوە کوڕ) وە سەیر نییە ئەوەی کە تا دوێنێ چاوی لە شوێنی پێیەکانی خۆی بەرزنەدەکردەوە ئەمڕۆ وای لێ هاتووە سەیری ئەم لاو ئەولا دەکات لە بازاڕ و (ترافیك لایتەکان )دا هەتا وای لێ هاتووە ئەوەندە سەیری پیاو دەکات پیاوەکە شەرم دەکات وسەردەکاتە خوار ، وە دەیبینیت دوای سەیارەی جوان دەکەوێت وسەیری خەڵکی ناوی دەکات و سەیری فیلمی خۆشەویستی ودڵداری دەکات لە تەلەفیزیۆن و کەناڵەکاندا، وە سەیر نەبێت ئەوکەسەی کە تادوێنێ خەیاڵی پاك وخاوێنی هەبوو ئەمڕۆ خەیاڵ و بیرۆکەی خۆی لە هەموو بوارێك لەبوارەکانی جنس وشەهوەتدا دەجوڵێنێت، دەتوانین ئەم شتانەی کە باسمانکردن لەو شوێنە گشتیانەدا ببینێت کە هەردوو ڕەگەزی نێرومێی تێدایە وەکو بازاڕ وسەیرانگاکان وەکو بەڵگەیەك لەسەر نەمانی حەیاوشەرم (تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کە خوا ڕەحمی پێ کردوون) بۆیە لەبەر نەمانی ئەو شتانە ئێستا پەیوەندی حەرام وئەنجام دانی تاوانە گەورەکانی تر زۆر ئاسان بووە ، خوا ئێمە وئێوەشی لێ بپارێزێت ...

**٤. زۆربوونی تەڵاق وخرا پەکاری:-**

ژنـی ئەوکەسـەی کـە ڕاهـاتووە لەسـەر (خـووی نهـێنی ) لەوانەیـە نـەتوانێت بـەو شـێوەیە پیاوەکـە بوروژێنێت ولایەنی جینسی تێربکات هەروەکو ئافرەتە بەدڕەوشت و خراپەکارەکان لـە تەلەفزیۆن و کەناڵەکاندا دەیکەن (هەرچەندە ژنەکە جوانیش بێت)، بۆیە ئەم ئافرەتە ناتوانێت مێردەکەی قایل بکات و کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوە ، و پیاوەکەی وادەزانێن ئافرەتی تر دەتوانێن ئەم ئارەزووەی بۆ بەدی بهێنێت، بۆیە دەچێت ژنی یەکەم تەڵاق دەدات و ژنێکی تر دەهێنێت بۆ ئەوەی غەریزەی جنسی بۆ تێر بکات ، بەڵام دوای ئەوەش هەرکێشەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە یان ژنـی یەکـەم تـەڵاق نادات و دەیهێڵێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەکات بەئەنجام دانی کارە خراپەکان ، بۆیە داماوە وای لـێ دێت لەناو بازنەیەکی ونبووی کارە حەرامەکاندا دەبێت بەهیوای گەشتن بەئامانجەکان، بەڵام خۆزگە ئەو کەسە هەر لەسەرەتاوە بیزانیایە هۆکاری ئەم کێشەیە (خووی نهێنی)یە، بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیە ئەوەیە ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام نادەن پێوستیان بەو هەموو هیلاکیە نیە بۆ گەشتن بەتێربوونی جنسی ، بـەڵکو کـەمترین حـەڵاڵی بەسـە بـۆ جوڵانـدنی شـەهوەتی و ئاوهاتنـەوە وچێـژ وەرگـرتن لەخێزانەکەی ، ئەم کارەش بەسەر ئافرەتاندا جێبەجێ دەبێت بەڵام ئافرەت ئەم ڕاستیە دەشارێتەوە و ئارام دەگرێت ئەگەر ئەوەندە باوەڕی هەبێت کە بتوانێت و یارمەتی بدا لەسـەر ئـەوە ئـەگینا بـە هـەمان شێوەی پیاو ئەویش هەوڵی قەرەبووکردنەوە دەدات بەیەکێك لەڕێگا حەرام کراوەکان .

# شوێنەوارەکانی خووی نهێنی

**ج. شوێنەوارەکانی خووی نهێنی لەداهاتوودا:-**

**١. خوێندن و بەدەستهێنانی وەزیفەیەکی باش:-**

هەموو کەس دەزانێت کە بارودۆخەکانی ژیان لە ئیش کردن و فێربوون و جگە لەوەش بەو شێوە ئاسانەی جاران نەماوە، وەرگیران لە زانکۆکان پێویستی بەنمرەی بەرز هەیە، وە دەسکەوتنی وەزیفەی باشیش پێویستی بەنمرەی بەرزی (زانکۆ)هەیە هاوکات لەگەڵ بوونی توانا وشارەزایی کردارەکی، سەرباری بوونی بڕوانامە لەزمانی ئینگلیزی وکۆمپیوتەر (لەهەندێك ولاّتدا)، ئەمەش بووەتە شتێکی پێویست وداواکراو بۆ هەرکەسێك بیەوێت خێزان پێکەوە بنێت و داهاتێکی گونجاو بۆ ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات.

هەموو ئەمانەشی کە باسمانکردن نایەنەدی تەنها بەبوونی عەقڵێکی پێگەیشتووی پڕ لە زانیاری ئەکادیمی نەبێت هەروەها بەبوونی توانا و لێهاتوویی و ڕاهێنانی مەیدانی و بەدەست هێنانی شارەزایی کردارەکی، هەروەها چالاکی لاشەیی و تەندروستیەکی باش، زوو لەخەو هەستان و ڕێك و پێکی لەکارکردندا کەهەندێك جار ڕۆژانە دەگاتە هەشت یان نۆ سەعات، وە چەندین شتی تریش جگە لەوانەی باسمان کرد کە خەڵکی پێش خۆمان پێویستیان پێ‌ی نەبووە بەحوکمی ئاسانی ژیان لە سەردەمی ئەواندا بەلاّم ئێستا زۆر پێویستن، بۆیە چۆن کەسێکی ڕاهاتوو لەسەر ئەنجامدانی خووی نهێنی تواناى بەسەر هەموو ئەو شتانەدا هەیە لەکاتێکدا ئەو لە دەریای شەهوەتە حەرامکراوەکان و ئەم خووە خراپەدا نقوم بووە؟ چ عەقڵ و چ جەستەیەك دەتوانێت ڕوو بەڕووی ئەوانە ببێتەوە کەباسکرا؟؟؟

لەوانەیە کەسێك بڵێت: ئەوەتا چەندین کەس هەن لە ئارەزووەکانیاندا نقوم بونە کەچی هێشتا دەستیان گرتووە بەخوێندن و وەزیفە کانیانەوە و هیچ کاریگەری یەکی لەو شێوەیەیان پێوە دیارنیە کە باسکران؟

بۆ وەلاّم دانەوەی ئەوەش دەڵێین : ئەزموون و واقیع هەردووك سەلماندوویانە کە هاوشێوەی ئەو کەسانە لەسەر هەمان ئاستی چالاکی و زیندوویێتی بەردەوام نابن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەتایبەت

لەگەڵ زیادبونی تەمەندا، وە لەلایەکی تریشەوە هاوشێوەی ئەو کەسانە دەبینین لەو کەسانەن کە زۆر کەمتەرخەمن و پەرستشەکان دەفەوتێنن وە نە نوێژیان هەیە نەڕۆژوو وە نە حەلاڵ و حەرامیش لە یەکتر جیادەکەنەوە، بەڵکو لەژیانێکی دونیایی ڕەهادا ژیان بەسەر دەبەن وەکو بێباوەڕ و خەڵکی دونیا، و ژیانیشیان تەنها بریتیە لە کارکردن و شەهوەت، بۆیە کەسی موسڵمان باخەیاڵی ئەوە بکات کە ئەگەر ئەو کەسانەی باسمان کرد بمرن پاشەڕۆژیان چی دەبێت؟ وە بە چ شێوە ئازارێکی دواڕۆژ دەگەن؟

**٢. چاودێری کردنی خێزان و منداڵ:-**

کەسی ڕاهاتوو لەسەر خووی نهێنی هەموو هەوڵێکی تێرکردنی ئارەزووەکانیەتی و ماڵ و سامان و کات سەرف دەکات لە پێناوی تێرکردنی ئەم ئارەزووانەیدا.

بۆیە زۆر واز لە ژێر دەستەکانی (ژن و منداڵەکانی) دەهێنێت و دوای خەیاڵە پەرت و بڵاوەکانی دەکەوێت، و زۆر گەشت دەکات بۆ دەرەوە، یان شەو تا درەنگ دەمێنێتەوە، یان شەو لەو شوێنانەدا بەسەر دەبات کە کەش و هەوایەکی لەباری بۆ دابین دەکات بۆ شەهوەت جولآن و ئەنجامدانی خووی نهێنی .

بۆیە ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بێت ئایا ئەو کەسە توشبووە دەتوانێت چاودێری خێزان و منداڵەکانی بکات بە باشی؟

وە ئایا ئەو کەسە دەزانێت خوشکەکەی یان ژنەکەی یان کوڕەکەی بە هەمانشێوەی ئەو تووش نەبوون بەو کارە ؟

وە ئایا ئەو کەسە دەتوانێت خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە شێوازێکی دروست؟

وە ئایا دەتوانێت پارێزگاری لەخێزان و منداڵەکانی بکات و ئەو ئەمانەتەی بەرامبەر ئەوان لەسەر شانیەتی بەجێی بهێنێت؟

ئەو هەموو زیان و دەرەئەنجامانەی باسمان کرد هەموو کەسێکی ژیر لەواقیع دا هەستی پێدەکات و زۆرێك لە کەسانی بەرچاو ڕوون و ئەمانەت پارێز باسیان لێوە کردووە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار

لەگۆڤارە بازرگانیەکاندا کە ئامانجیان بەدەستهێنانی قازانجە لە ڕێگەی فرۆشراوەکانیانەوە هیچ گرنگیەك بەسەلامەتی کوڕ وکچی موسڵمان نادەن، دەبینین ڕەواج بەم عادەتە خراپە دەدەن و بەڵکو هانی لاوانیش دەدەن لەهەردوو ڕەگەز بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەمەش لەڕێگەی ئەو شتە جنسیانەی کە لەڕێگەی گۆڤارەکانیانەوە پێشکەشی دەکەن.

بۆیە ئەو کەسانە بەهەڵە چوون کەپێیان وایە لەو گۆڤارانەدا چارەسەری کێشەکانیان و ڕزگار بوونیان لەم بەڵایە هەیە، کەچی لەڕاستیدا ئەو گۆڤارانە خۆیان لەبنچینەدا یەکێکن لەسەرچاوەکانی ئەم بەڵایە.

وە لەکۆتاییدا پێویستە وریایی بدەین کە خوای گەورە تەنها فەرمانی نەکردووە بەوازهێنان لە زینا بەڵکو ڕێگری (نەهی) لێکردوین لە هەر شتێك کە لە زینا نزیکمان بکاتەوە، وە هەروەها پاراستنی عەورەت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ٣٢ ﴾ (الإسراء )

هەروەها لە وەصفی باوەڕداراندا فەرمویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ٥ ﴾(المؤمنون: ٥) .

گومانیشی تێدانیە کە (خووی نهێنی) یەکێکە لە هۆکارەکانی نزیك بوونەوە لە زینا، پەنابردن بۆ خوای گەورە بۆ سەرکەوتن بەسەر خووی نهێنیدا، گومانی تێدانیە کە تاکە یارمەتی دەری مرۆڤ لە ڕووبەڕوبوونەوەی کێشەکاندا (لەنێویشیاندا خووی نهێنی) هەر خوایە(*) ، ئەو یارمەتی دانەش بەمانەی خوارەوە (بە ویستی خوای گەورە) بەئاسانی دێتە دی:-

١. کۆشش کردنی نەفس بە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان لەمزگەوتدا (بەتایبەت نوێژی بەیانیان):-

با ئەنجامدەری خووی نهێنی زۆر بەڕێك و پێکی ئەو خاڵە جێبەجێ بکات و کەمتەرخەمی تێدا نەکات و خۆی لەئەنجامدانی دوا نەخات، چونکە ئەنجامدانی نوێژەکان لەمزگەوت دا واجبە لەسەر نێرینە، و دەبێتە هۆی پاکێتی بەردەوام لە لەشگرانی سەرباری ئەوە لەقوتابخانەیەکی مەیدانیدایە بۆ فێربوونی ئیمان و ئارام گرتن و بەرەنگاربوونەوەی شەیتان وەکو ئەو کەسەی کە مەلەوانی فێردەبێت بە ئەنجامدانی لە مەلەوانگەدا نەك بە تەنها بە خوێندنەوەی کتێب لەو بارەیەوە، با وەڵامی بانگەوازی

(*) خوای گەورە لە سورەتی یوسفدا فەرموویەتی: ﴿ فَٱسۡتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنۡهُ كَيۡدَهُنَّۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٤ ﴾ .

خوای گەورە بداتەوە و بڕوات بۆ نزیکترین ماڵ لە ماڵەکانی خوا و پەنای بۆ ببات و داوای یارمەتی لێ بکات بۆ زاڵبوون بەسەر دووژمن و ئارەزووەکانیدا، وە هەل و فرسەت نەدات بە دەست شەیتانەوە بۆ چوونە نێوان خۆی و دروستکارەکەیەوە (کە خوایە) لە کاتی دووبارە توشبوون بەم عادەتە قێزەونە بەڵکو با یەکسەر پاش ئەنجامدانی هەستێت خۆی بشوات و دەست نوێژ بشوات بۆ نوێژکردن لە مزگەوت، بەم شێوەیە پاش ماوەیەك هەست دەکات ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم کارە ڕوو لەکەم بوون دەکات بەشێوەیەکی هەست پێکراو .

٢. خوای گەورە بەڵێنی داوە لەگەڵ مرۆڤی مسوڵماندایە ئەگەر فەرزەکان پاشان سونەتەکانیش ئەنجام بدات لە نوێژ و ڕۆژوو و صەدەقە و جگە لەوانەش لەکردارە چاکەکان وەك لە فەرمودەی قودسیدا هاتووە، وە گومانی تێدانیە کە ئەوە ڕێزێکی گەورەیە وە هەل و فرسەتێکە قەرەبوو ناکرێتەوە پێویستە بەدوایدا بگەڕێین وە هەوڵی بەدەست هێنانی بدەین، ئەو کاتەش ئاسان نیە گوێ قسەی پڕوو پوچ ببیستێ یان چاو تەماشای نامەحرەم بکات یان دەست کە خووی نهێنی پێ ئەنجام بدات یان پێ کە بۆ شوێنەکانی خراپە کاری بڕوات.

بابەردەوام بین لەسەر نوێژە سوننەتە(ڕەواتبەکان) وە ویترو شەو نوێژ وە هەروەها بە ڕۆژووبوونی دووشەممە و پێنج شەممە یان ڕۆژە سپییەکانی هەموو مانگێك ( واتە: سیانزە و چواردە و پانزەی هەموو مانگێکی کۆچی ) .

٣. با دوعا بکات و داوا لە خوای گەورە بکات بە تایبەتی لە سوژدەدا (لە شەونوێژی کۆتایی شەودا ئەگەر توانی) کە یارمەتی بدات وئەم بەلآیەی لێ دووربخاتەوە و سەری بخات بەسەر شەیتان و نەفسی فەرمان کار بە خراپەدا و بە حەڵاڵی خۆی بێ پێویستی بکات لە حەرام و داوای لێخۆشبوون بکات، و کزۆڵی و زەلیلی و بێ توانایی و لاوازی خۆی لە بەرامبەر خوادا دەربخات، ئەو کاتە مادەم نیەتی ڕاست بێت خوای گەورە یارمەتی دەدات . لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە زۆرێك لە خەڵکی کەم تەرخەمی دەکەن لە پەنابردن بۆ خوای گەورە و ئەنجامدانی ئەوانەی باسمان کرد، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بلآوبوونەوەی خراپەکاری (لە نێویشیاندا خووی نهێنی) و نەبوونی توانا بۆ بەرەنگاربوونەوەی .

**ئەمەی خوارەوەش هەندێك لەو دوعایانەن كە بۆ زاڵ بوون بەسەر هەوا و ئارەزوودا بەسوودن :–**

*(اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك ) **لە پاش هەموو نوێژێكی فەرز .**

*(اللهم إني أسالك الهدى والتُّقى والعفاف والغِنى).

*(رب أعوذ بك من همزات الشياطين وأعوذ بك رب أن يحضرون).

*(اللهم حبب إليَّ الايمان وزينه في قلبي، وكره إليَّ الكفر و الفسوق والعصيان واجعلني من الراشدين ).

*(ربنا لا تزغ قلوبنا بعد إذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة إنك أنت الوهاب).

*(اللهم أغنني بحلالك عن حرامك، وبطاعتك عن معصيتك، وبفضلك عمن سواك ).

## هاوڕێیەتی فریشتە

**با هەمیشە هەوڵبدات فریشتە دایبپۆشێت و فریشتە هاوڕێیەتی بكات و دوعای بۆ بكات و داوای لێخۆشبوونی بۆ بكات ئەمەش بە گرتنە بەری ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی بوونی فریشتە لە هەموو شوێنێكدا كە ئەو هۆكارانەی تێدابێت ، فریشتە لە شوێنێكدا نابێت كە وێنە و (مجسمات)ی تێدابێت یان دانیشتنێك كە گۆرانی وسەمای تێدابێت یان لە كاتی ڕووتیدا یان لە كاتێكدا كە شەیتان هاوەڵی كەسەكە بێت بەهۆی گرتنە بەری ئەو هۆكارانەی كە شەیتان دەكاتە هاوڕێی مرۆڤ بەردەوام بێت لە سەر زیكرو داوای لێخۆشبوون و دووركەوتنەوە لە سەرپێچییەكان چونكە بێگومان ئەگەر فریشتەی لەگەڵدا بێت بە فەرمانی خوای گەورە دەتوانێت بەرەنگاری شەیتان ونەفس ببێتەوە و ئەوكاتەش دەتوانێ واز لەخووی نهێنی بێنێت ، وە ئەگەر لەواقعی ماڵەكانی ئێستا بیربكەینەوە تێدەگەین بۆچی ئەوماڵانە بوونەتە لەوەڕگای شەیتان و ڕاوەری فریشتە ، ئەمەش لەو هۆكارانەیە كەیارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی خراپەكارین .**

## زاڵبوون بەسەر وەسوەسە جنسیەکانی شەیتاندا

وەسوەسەی شەیتان ئەوەندە ڕوون نیە کە هەموو کەس لێی ئاگادار بێت وبیزانێت بە تایبەت بۆ ئەو کەسەی کە دوور بێت لە خوا و نوقم بێت لە ئارەزووەکانیدا چونکە شەیتانی نەفرەت لێکراو(خوا ڕیسوای بکات) بەئاشکرا نالێت (فلان کەس وەرە زینابکە یان مەی بخۆرەوە یان خووی نهێنی ئەنجام بدە) بەڵکو بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە لەگەڵ نەوەی ئادەمدا هەیەتی دێتە لای و پێی دەڵێت : ((بۆ چی سەیری ئەو فیلمانە ناکەیت کەباس و قسە لەسەر گەنجان دەکات تەنها بۆ زانیاری وبەس، بۆ ئەوەی کەسانەی تر پێت نەڵێن دواکەوتووە، بۆ ئەوەی شارەزاییەکی جنسی باشت دەست کەوێت بۆ ئەوەی لەکاتی هاوسەرگیریدا سوودی لێوەرگریت و هیچ کێشەیەك نابێت)) .

لەم پریشکە بچوکەوە ئاگرێکی گەورە پێك دێت کەناکوژێتەوە و واز لەم کەسە هەژارە ناهێنێت تاوەکو لەدەریای ئارەزووە حەرامەکاندا دەخنکێت، بەڵام ئاشکراکردنی داواکانی شەیتان ئاسان دەبێت ئەگەر کەسەکە پەنا بۆ خوای گەورە ببات و هەوڵبدات شەیتان ڕاوبنێت و هاوڕێیەتی فریشتە بکات.

خۆپاراستن لەو فێڵ وتەڵەکانەی شەیتان خوای پەروەردگار ﷻ ئاسانی کردووە وپێغەمبەرەکەی ﷺ ڕوونی کردووەتەوە ئەوەش بەکۆمەڵێك زیکر و ئەو پاڕانەوانەی کەموسڵمان لە شەو و ڕۆژدا دەیخوێنێت، لەوانەش :

*خوێندنی (آية الكرسي) بەیانیان و ئێواران .

*خوێندنی (قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ - قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ - قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ) سێ جار بەیانیان وئێواران.

*لەکاتی چوونە مزگەوت دا بڵێت : ( أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم).

*وتنی(بسم الله)لەکاتی خواردن وخواردنەوە وداکەندنی جل وبەرگدا ، کەڕێگری شەیتان دەکات لەوەی کە لەگەڵیدا بخوات و بخواتەوە و سەیری عەورەتی بکات.

*لەکاتی هاتنەوە بۆ ماڵ و هاتنە ژوورەوە دا بلێیت :(بسم الله ) ڕێگری لە چوونە ژورەوەی شەیتان دەکات بۆماڵ.

*لەکاتی لەماڵ دەرچووندا بلێیت : (بسم الله، توكلت على الله، لا حول ولا قوة إلا بالله).

*سورەتی(ملك) لە پێش خەوتن دا بخوێنێت ، لەگەڵ(آیة الكرسی) و دووئایەتی کۆتای سورەتی( البقرة).

*(لا إله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير) سەد جار بخوێنێت، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە شەیتان.

*زۆر زیکرکردن و ووتنی : (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

*خوێندنی سورەتی (البقرة) لە ماڵدا کە دەبێتە هۆی ڕاونانی شەیتان.

*دەست نوێژگرتن و نوێژکردن لەکاتی ورووژان وهێرشی خەیاڵ دا چونکە ئەو دووانە باشترین کوژێنەرەوەی شەهوەتن. بەڕاستی وازهێنانی زۆربەی خەڵك لەم زیکرانە وهاوشێوەکانیان وایکردووە شەیتان زاڵبێت بەسەریاندا و بەشداری هەڵسوکەوت وکردارەکانیان بکات ، ئاشکرایە کەشەیتانیش بانگەشە بۆ خراپە وخراپەکاری دەکات.

## هاوسەرگیری لە تەمەنێکی کەمدا

زۆرگرنگە بەگەنج بڵێین: زوو ژن بهێنە و هەوڵ بدە دایك وباوکت قەناعەت پێ بکەیت بۆ ئەوەی خۆت لە تاوان بپارێزیت و پارێزگاری لە دین و نەفس وتەندروستی و بیروباوەڕت بکەیت، کەسی خاوەن دین هەڵبژێرە و لە بەرپرسیارێتی یان تەلاقی خێرا یان هاوشێوەی ئەوە لە چەمکە گومڕاکەرەکان مەترسە کە دەیخوێنینەوە ودەیبیستین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە لە وەسائیلە جیاوازەکانەوە دزەیان کردووە بۆ ناو موسوڵمانان بەهۆی دورکەوتنەوەیان لەخوا ولاوازی باوەڕیانەوە .

وە دووربکەوە .....دووربکەوە ..... دووربکەوە لەهەڵبژاردنی ئافرەتی دانەپۆشراو وسفور کە بانگەشەی ئازادی خوازی بکات، ئەو ئافرەتەی کە بە دوای ماڵ و ئۆتۆمبێل ومۆدەدا دەگەڕێت، و ڕکابەرایەتی هاوڕێ کچەکانی دەکات .

وە بە کچی موسوڵمانیش دەڵێین: دووربکەوە لەهەڵبژاردنی مێردێك کە نوێژە جەماعەتەکانی بفەوتێنێت و بەئاشکرا تاوان وسەرپێچی وخراپەکاری ئەنجام بدات و کەمتەرخەم بێت لەعیبادەتەکانیدا ، وە مێردکردن بە پیاوی چاك ڕەت مەکەرەوە ئەگەر تەمەنیشت کەم بێت بە بیانووی تەواوکردنی خوێندن یان جگە لەوە ، وە دوای ئەو پروپاگەندانە مەکەوە کە بانگەشەی سەربەخۆبوون و ئازاد بوون و سفوری و ڕووتی ئافرەتان دەکەن، هەموو ئەو جۆرە ئافرەت و پیاو خراپانەی باسمان کرد کەسانێك نین دڵنیابین لێیان ئەمانەتی ماڵ و ئابڕو و منداڵ هەڵبگرن، بەڵکو لەوانەیە ناپاکی بکەن یان جیابنەوە یان توشی بێزاری و تۆڵەسەندنەوە لە یەکتربن و بکەونە چەندین تاوانی خراپی وەکو زینا یان هەوڵدان بۆ زینا . دایك و باوکت قەناعەت پێ بکە ، وە خۆت بە شێوەیەك ڕەفتار جوان بکە دایك و باوکت ئەوەت لێ ڕاببینن کە دەتوانی ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێیت .

ژن بهێنە پێش ئەوەی لەلای خێزانەکەتدا دابنیشیت و نەتوانیت بەشێوەیەکی شەرعی لەگەڵیدا جووتبیت، هەرچەندە حەزیشت لێی بێت ئەوکاتەش بێبەش بیت لە پاداشت و چێژو خۆشی .

وە پێویستە لەسەر باوکان ودایکان لە خوا بترسن و ڕەچاوی حاڵی لاوان بکەن ئەوەش بەکەم کردنەوەی مارەیی و یارمەتی دانی لاوان لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بالآیەدا کە دەتوانرێت بەچەند

ڕێگایەك بە دی بهێنرێت ئەوەش بە کۆکردنەوە و پاشەکەوت کردنی ئەو پارە وسامانەی کە لەشتی پڕوپووچدا یان شتی کەمالیدا سەرف دەکرێت وەکو ئۆتۆمبێلی گرانبەها وسەفەرکردن بۆ دەرەوە......جگە لەوەش، با ئەو پارانە پاشەکەوت بکەن لە پێناوی یارمەتیدانی لاوان بۆ ژن هێنان ئەمەش پاش ئەوەی کە کوڕەکەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی بتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و مامەڵەی ڕاست ودروست لەگەڵ ژیاندا بکات، ئەمە بۆ کەسێك دەبێت کە پارەدار بێت بەڵام ئەگەر دەست کورت و هەژاربوون ئەوە با بەدوای خێزانێکی بەڕێزدا بگەڕێت کە پیاوی چاك دەکرێت و لایان گرنگ نیە ڕێژەی ئەو مارەییەی بەکچەکەیان دەدرێت چەندە.

وەبە دایکان وباوکان دەڵێین: ئەوانەی کە ووتمان ئەنجامی بدەن پێش ئەوەی ببن بە هۆکارێك لە پاڵنانی کوڕ وکچەکانتان بۆ حەرام وخراپەکاری وە بۆ ئەو گەنجەی کە دەیەوێت زوو ژن بهێنێت بۆ ئەوەی خۆی لە تاوان بپارێزیت مژدە ومزگێنییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ثلاثة حق على الله عونهم: ... والناكح الذي يريد العفاف..))رواه الترمذي والنسائي.واتە : (سێ کەس (کۆمەڵ )هەن حەقە لەسەر خوای گەورە یارمەتییان بدات(*) ..... یەکێك لەوانە گەنجێکە کە بیەوێت ژن بهێنێت لە پێناوی خۆ پاراستن لە تاوان )

بێگومان ژن هێنان یان شووکردن بەهێزترین هۆکارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەهوەت و ئارەزووەکان .

(*) ئەم حەقە خوای گەورە خۆی پێویستی کردووە لەسەر خۆی.

## دەستگرتن بە كۆمەڵە كەسانی چاكەوە

پێویستە گەنج ( چ كوڕ چ كچ ) زۆر دوور بێت لە بەتەنهابوون و دووركەوتنەوە لە خەڵك، و دەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات لەگەڵ كۆمەڵە كەسانی چاك و لەخواترس و موسڵماندا تێكەڵ ببێت لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە :

١. خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) .

٢. پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) دەفەرموێت : "... فإن الشيطان مع الواحد وهو من الاثنين أبعد " (*)

واتە :شەیتان لەگەڵ یەك كەسدایە، و لە دوو كەسەوە دوورترە

بۆیە ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێی چاك و لەخواترسدا بێت ئەوا شەیتان ناتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت و لاوازی بكات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر كەسەكە بەتەنها بێت یان لەگەڵ كەسانی خراپدا بێت ئەوا شەیتان دەتوانێت بە ئاسانی بەرەو گومڕایی و هەڵدێری ببات .

بەڵام لە حاڵەتێكدا ئەگەر كەسی چاكی دەست نەكەوت هاوڕێیەتی بكات ئەوا بێگومان لەم كاتەدا بەتەنها بوون و دووركەوتنەوە لە كەسانی خراپ و هاوڕێی خراپ چاكترە .

## دەست بەتاڵی و بێ ئیشی

گەورەترین دوو نیعمەتێك كە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، و زۆرێك لە خەڵكی تیایدا زەرەرمەند بوون ( بەهۆی بەكارنەهێنانی لە كاری سوود بەخشدا ) بریتیە لە ( لەشساغی و دەست بەتاڵی ) .

وریابە كاتەكانت لە شتی بێ سووددا بەسەر مەبە چونكە لە قیامەتدا لە سەر ئەو كاتە پرسیارت لێ دەكرێت، وە لە دونیاشدا دەبێتە دەرگایەك بۆ چوونە ژوورەوەی شەیتان بۆ ناو دڵت و سەرگەردان كردنت و لەسەرووی هەمووشیەوە تووش كردنت بە خووی نهێنی .

(*) رواه الترمذي ( ٢٢٥٤ ) قال القارئ إسناده صحيح وقال المباركفوري : ( فالحديث بكماله إما صحيح أو حسن ، تحفة الأحوذي : ( ٦/٣٢٠ ) .

## کەناڵە ئاسمانیەکان و فیلمە ڤیدیۆییەکان

سەتەلایت وەکو زۆرێك لە داهێنراوە نوێیەکانی تر وەکو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ... هتد ، ئەگەر زیانی لە سوودی زیاتر بێت، و سەلمێنرا کە دەبێتە هۆی فیتنە، یان پیشاندانی شتی خراپ، ئەوا بێگومان حەرامە هەروەکو زانایان ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) فەرموویانە .

ئێستا لای هەموو کەسێك ( پیر ، گەنج ، ئافرەت ،... هتد ) ئاشکرایە کە کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانیەکان چ خراپەکاریەك بڵاودەکەنەوە و پەخش دەکەن، لەوانەش بڵاوکردنەوە و درووست کردنی گومان لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامی و پەخش کردنی فریودەرە جینسیەکان ( وەکو فیلمە ڕووتەکان ) ، ئەمەش لە ژێر بانگەشەی ئازادی و ( دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا ) !!!

ئێستا دەگمەنە کەناڵێك هەبێت بەرنامەکانی خۆی لە ڕێگەی ئافرەتانی نیمچە ڕووتەوە ڕەواج پێ نەدات ، کە هەموو هەوڵێکیان سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرە بە لای کەناڵەکانیاندا .

وە بەداخەوە سەیرکردنی ئافرەتە بێژەرەکان ( مذیعات ) و ئەو ئافرەتانەی تر کە لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانەوە دەردەکەون بووە بە شتێکی سادە و ساکار لە لای زۆرێك لە موسڵمانان هەرچەندە ئەو ئافرەتانە زۆر جلی تەسك و تەنك و کورتیان پۆشیوە و وەسیلەی نازکردن و خۆ هەڵکێشان بەکاردەهێنن .

لەسەردەمی ئێستادا هەڵخەڵەتاندن و سەرگەردانکردنی ئافرەتان ئامانجی زۆرینەی ئەو کەناڵانەیە ، ئەمەش بە هەڵخەڵەتاندنی ئافرەت لە ڕێگای کاریگەری دروستکردن لەسەر هەست و سۆزی ، ئەویش بەپیشاندانی ئەو فیلمانەی کە باس لە خۆشەویستی و دڵداری دەکەن ، یان پیشاندانی پیاوان بە شێوەیەکی گومڕاکەر ، ئەمە سەرەڕای ئەو فیلمە دۆبلاژکراوانەی کە پیشان دەدرێن ، لەگەڵ چەندەها وەسیلەی تریش ...

وە چیرۆکێکیش کە گوزارشت لەم واقیعە تاڵە بکات هەڵوێستی ئەو کچە بچوکە تەمەن پێنج ساڵانەیە کە بە هاوارکردن و سەرسامی و وڕبوونەوە هاواری لە باوکی کرد: ( ... بابە ... بابە ... وەرە و ببینە بزانە چیم بینیوە ! ئافرەتێك لە تەلەفزیۆندا لەسەر شەقام ڕێ دەکات و تەنها پارچەیەکی زۆر زۆر بچوکی پۆشیوە و باقی لاشەی ڕووتە و پیاوان دەیبینن، ئایا ئەو ئافرەتە موسڵمانە ؟

باوکی یەکسەر پێی وت : نەخێر ، بێگومان بێباوەڕە .

هەرچەندە ئەو دیمەنە لە کەناڵی دەوڵەتێکی عەرەبی موسڵمانەوە پیشان دراوە ، وە چەندین پرسیاری تریش لەلایەن ئەو منداڵەوە لە باوکی کرا ، بۆیە باوکی بە غیرەتانە ( بۆ پارێزگاریکردن لە ڕەوشتی منداڵەکەی ) ، تەلەفزیۆکەی لە ماڵدا نەهێشت .

ئەمە حاڵی منداڵێکی بچوك بوو کە دایك و باوکی هەوڵی ئەوەیان داوە فێری ڕەوشتی ئاینی بکەن ، ئەی ئایا حاڵی ئەو لاوانە چی دەبێت کە لە هەرەتی لاوێتیدان و چ شوێنەوارێك لەسەر دەروونیان جێ دەهێڵێت ؟

با خاوەن عەقڵ و ویژدانەکان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە

لە ڕۆژئاوا پاش ئەوەی هەستیان بە مەترسی و ژەهری سەتەلایت کردووە هەوڵ دەدەن مەترسیەکانی کەم بکەنەوە ، ئەویش لەڕێگەی چاودێریکردنی ئەو شتانەی پەخش دەکرێن ، وە تایبەتکردنی هەندێك فیلم بۆ هەندێك چین و توێژ ، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بەداخەوە هەندێك لە موسڵمانان سەیرکردنی ئەو شتە خراپانە بە سادە و ساکار وەردەگرن و ئەگەر پێیان بڵێیت سەیری مەکەن دەڵێن : تۆ کەسێکی دواکەوتوویت !!!

لەوانەیە کەسێك بڵێت : دەتوانیت ئەو کەناڵانە خەزن بکەیت کە بە سوودن ( بۆ نموونە کەناڵەکانی تایبەت بە هەواڵ و بەرنامەی ئاژەڵان ) ، لە ڕاستیدا ئەو کەسانە شەیتان هەڵی خەڵەتاندوون ، چونکە تەنها لە کاتی گۆڕینی کەناڵەکاندا ئەو وێنە گومڕاکەرانەی کە دەردەکەون بەسە بۆ وروژاندنی تازە پێگەیشتووان و داگیرساندنی ئاگری شەهوەتیان و پاشان ڕاهاتنیان لەسەر سەیرکردنی ئەو حەرامانە ، پاشان بۆچی پیاوە بەتەمەنەکان تەنها سەیری خۆیان دەکەن ؟

ئەی بۆ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئایا گەنجان و تازە پێگەیشتووان لەکاتی تەنهاییدا بەدوای هەواڵ و بەرنامە بەسوودەکاندا دەگەڕێن ؟؟!!!

کەواتە ناتوانین چارەسەرێك بۆ تووشبووانی خووی نهێنی بدۆزینەوە ئەگەر ئەو کەسە خەریکی سەیرکردنی کەناڵە خراپەکان بێت ، بەڵکو گەر دەیەوێت ڕزگاری ببێت لە خووی نهێنی ئەوا با بە یەکجاری واز لە سەیرکردنی ئەو کەناڵە خراپانە بهێنێت و خۆی بە شتی بەسوودەوە خەریك بکات .

هەمان شت بەسەر ئەو فیلمە ڤیدیۆییە گومڕاکەراندا جێبەجێ دەبێت کەهەندێك کچ وکوڕە لاوەکان لەسەری ڕاهاتوون ، کە کەمترین شتێك لەسەر ئەو فلیمانە بوترێت ئەوەیە بەدین و ڕەوشت نیە و بانگەشە بۆ بەرەڵایی و وروژاندنی جنسی وکرداری ئاژەڵی دەکات، ئەگەر فیلم و زنجیرە ئاساییەکان شتی وا پیشان بدەن کە بانگەشە بۆ خۆشەویستی ودڵداری دەکات ، ئەی ئایا ئەو فیلمە بیانی و زنجیرە خراپەکارانە چۆن بن و بانگەشە بۆچی بکەن ؟

ئەوەی باسکرا باسێکی درێژی شوێنەواری کەناڵەکان وفلیمەکان بوو لەسەر مرۆڤی ئاسایی وکۆمەڵگا، لەبڵاوبوونەوەی خراپەکاری بەشێوەیەکی گشتی وخووی نهێنی وڕاهاتن لەسەری بەشێوەیەکی تایبەتی، تاوەکو کەسی ڕاهاتوو لەسەر خووی نهێنی سەیری ئەو کەناڵ وفلیمانە بکات وشوێن ژهرەکانی بکەوێت هیچ چارەسەرێك لە ئارادا نابێت، بەڵکو لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە کچ و کوڕە لاوەکان ناتوانن لەحەرام کراو و تاوانە قێزەونەکانی تر خۆیان بپارێزن ئەگەر بەردەوام یان زۆربەی کات سەیری ئەوکەناڵە خراپانە بکەن ...

# گۆرانی ومۆسقا

گۆرانی ومۆسیقا پۆستەی داوێن پیسین ، بەهۆیانەوە چێژی باوەڕ و تێگەیشتنی قورئان وکزۆڵی ئەندامەکان نامێنن، بە هۆیانەوە دڵ رەق دەبێت وپەردەی ڕەشی بەسەردا دێت وخاوەنەکەی ناتوانێت چاکە بکات وخۆی لەخراپە بپارێزێت.

وە بەڕاهاتن لەسەریان نوێژ واز لیٚ دەهێنرێت یان کەمتەرخەمی تێدا دەکرێت و نوێژە بەکۆمەڵەکان دەفەوتێنرێت وکۆمەڵگا بەگەورە وبچوکەوە نوقمی حەرام دەبن و واز لە قورئان وکارپێکردنی دەهێنرێت و وای لێدێت واجب دەبێت بە(مکروه) وسوننەت دەبێت بە بیدعە.

لەهیچ کۆمەڵگایەکدا ئەم دووانە بڵاونەبوونەتەوە ئیللا ناپیاوی و بیٚ غیرەتی و ئاهەنگ وسەما و تێکەڵاوی ژن وپیاو ومەی خواردنەوە وزینا ومادده هۆشبەرەکان بڵاوبوونەتەوە.

بەهۆیانەوە بەربەستەکانی داوێنپاکی وشەرم نامێنێت ، وە بەهۆیانەوە دڵ'وهەستەکان گڕ دەگرن، وئەو کەسەی لەو دوانەدا نقوم بووە هەوڵ دەدات بەهەر ڕێگەیەك بێت ئەگەر چی حەرامیش بێت هەست وسۆزەکانی پیٚ پربکاتەوە بە خۆشەویستی ودێوانەیی وجنس ودڵداری.

بەرام، خوشکم.... گۆرانی ومۆسیقا ئافات و بەڵای کۆمەڵگا موسوڵمانەکانە و لە گەورەترین هۆکارەکانی پوکانەوە و کەوتنی کۆمەڵگاکانن بەڵکو ئەودووانە لەپشت زۆربەی بەڵاکانەوەن .

ئامۆژگاری دەکەم بە پاککردنەوەی هەموو ئەندامەکان لێیان بۆ ئەو کەسەی کە خۆپارێزی و چارەسەر و سەلامەتی دین و جەستەی دەوێت .

# پوختەی هەنگاوەکان

## خۆپاراستن و چارەسەر:-

**(١) کردەوە و هەڵس وکەوتەکان:-**

*داواکردنی یارمەتی لە خوای گەورە .

*بەردەوام پاکی لە لەشگرانی وجوان دەست نوێژگرتن.

*ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە لە مزگەوت بەتایبەتی بەیانی و عەسر.

*ئەنجامدانی سوننەتەکان بەپێی توانا.

*پاڕانەوە و کزۆڵی نواندنی هەمیشەیی بۆ خوای گەورە.

*بەردەوام داوای لیٚ خۆشبون کردن لەکاتی تاوانکردندا.

*زۆرئەنجامـدانی ڕۆژوو و نوێـژی سـوننەت چـونکە باشـترین یارمەتیـدەرن بۆبەرەنگاربوونـەوەی ئارەزووەکان .

**(٢) گرتنەبەری هۆکارەکانی هاوڕێیەتی کردنی فریشتە ئەویش بە:**

*دورخستنەوەی وێنە و پەیکەرەکان لەژوور وئۆتۆمبێل و.....هتد .

*ڕۆنەچوون لەشتی پروپوچی وەکو گۆرانی وسەما وفیلم وجگەرەکێشان ومادده هۆشبەرەکان.

*خۆڕووت نەکردنەوە یان نیمچە رووتی لەکاتی بەتەنهابوون لە ژووردا بەتایبەت بۆ مێینە .

*ڕاوەدوونانی شەیتانەکان لەوشوێنانەی بوونیان هەیە بەزیکرە شەرعیەکان.

*ئامادەبوون لەژینگەی فریشتە وەك کۆڕەکانی زیکر و نوێژ و قورئان خوێندن...... هتد .

**(٣) پاك کردنەوەی شانەکانی مۆخ لە بۆگەنی ئەویش بە:-**

*ڕێگەنەدان بە عەقڵ بە بیرکردنەوەی جنسی یان هەرکارێك کە شەهوەت جوڵێنەر بێت.

*دورکەوتنەوە لەگوێگرتنی گۆرانی ودووبارەکردنەوەی وسەما کردن لە گەڵیدا.

*دوورکەوتنەوە لە سەیرکردنی فیلم و وێنە جنسیەکان و هەموو شەهوەت جوڵێنەرێك.

*دەستکردن بەپڕکردنەوەی زاکیرە بە لەبەرکردنی قورئان وشتە بەسودەکانی تر.

*تایبەتکردنی بەشێکی عەقڵ بۆ بیرکردنەوە لەکارە گرنگەکان وەکو واقیعی موسوڵمانانی جیهان و بانگەوازکردن بۆ دینی خودا و یارمەتی دانی کەسانی تر لە هیدایەت و بەرەنگاربوونەوەی حەرام کراوەکان بەحیکمەت وئامۆژگاری چاك ، وە بە بیرکردنەوە لە هەژار و هەتیوان ، و قۆستنەوەی کات و بیرکردنەوە لەم ئامانجە بالأیانە.

*سەردانکردنی گۆڕستان و نەخۆشخانەکان و بیرکردنەوە لە واقعی نەخۆش و مردووەکان ،بۆ هەست کردن بە نیعمەتەکانی خوای گەورە .

**(٤) بەرەنگاریکردنی فیتنە :-**

مەبەست لێی بەرەنگاربونەوەی فیتنەی ئافرەتان بۆ پیاوان و پیاوان بۆ ئافرەتانە ئەویش بە:-

*دورکەوتنەوە لەو شوێنانەی ژن و پیاو تێیدا تێکەڵن وەکو بازاڕەکان و شوێنەکانی تر، تەنها لەبەر پێویستیەکی زۆر نەبێت ئەویش لەکاتێکدا بڕوات بۆ ئەو شوێنانە کە ئافرەت تیایدا کەم بێت وەکو بەیانیان یان سەرەتای عەسر بەهەمان شێوەش بۆ ئافرەتان.

*ئەگەر پیاو ئافرەتێکی بینی با تەماشای نەکات هەتا ئەگەر ئافرەتەکە سفوریش بێت ، ئافرەتیش بەهەمان شێوە نابێت سەیری پیاو بکات ئەگەرچی پیاوەکە سەرنج ڕاکێشیش بێت لە ڕووی جل وبەرگ وئوتۆمبێلەوە ، پێویستە یەکسەر چاوداگرێت بۆ ئەوەی خوای گەورە باوەڕێکی پێ ببەخشێت کەهەست بەچێژ و شیرینیەکەی بکات.

*ڕێگەنەدان بەوەی کەسانی تر دەست بخەنە ناو کاروبارە تایبەتیەکانیەوە جا ئەو کەسە هاوڕێ بێ یان خزمی نزیك.

*سەیرنەکردنی پیاوان یان ئافرەتانی سفور لە تەلەفزیۆن و گۆڤارەکان و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن

*هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی خاوەن دین ورەوشت (یان پیاوی خاوەن دین و ڕەوشت بۆ ئافرەت) ..

**(٥) چەند عادەتێك لەکاتی خەوتندا، پەرۆشبە لەسەر ئەنجامدانی**

*بە تەنها نەخەوتن لە ماڵدا چونکە ڕێگایەکە بۆ چونە ژوورەوەی شەیتان و هۆکارێکە بۆ خەیاڵ و وورِوژان .

*خەوتن بەدەست نوێژەوە و بەجل و بەرگی پاك و لەسەر جێگای پاك و وریابوون لەوەی كە بەلەش گرانیەوە بخەویت .

*خوێندنی (قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ - قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ - قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ) یەكی سێ جار، وە خوێندنی( آية الكرسي ) و خەوتن لەسەر لای ڕاست.

*نەخەوتن لەسەر سك چونكە ئارەزوو دەوروژێنێت و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێكردووە .

*پاڵ نەكەوتن لەسەر جێگا ئەگەر هەستی بە خەوەنوتكە نەكردوو ئارەزووی لە خەونەبوو.

*ئەگەر لە خەو هەستا زوو لە جێگا دەربچێت و تەمبەڵی نەكات بۆ ئەوەی پاش خەوتن شەهوەتی بەرز نەبێتەوە.

*نەخەوتن بەڕوتی و نیمچە ڕووتی یان بە پۆشاكێكەوە كە داكەندنی ئاسان بێت .

*دووركەوتنەوە لە لەباوەشگرتنی هەندێك شتی وەكو سەرین و بوكە شوشەی قەبارە گەورە و ....هتد لە كاتی خەوتندا.

*زووخەوتن و زووهەڵسان بۆ نوێژی بەیانی و نەخەوتن لە نێوان مەغریب و عیشا ، و دووركەوتنەوە لە خەوێكی درێژ كە ببێتە هۆی لەدەست دانی نوێژێكی فەرز.

*لەبەركردنی ئەو زیكر و دوعایانەی كەتایبەتن بە كاتی خەوتن .

**٦-چەند خونەریتێكی تایبەت بە خواردنەوە:-**

*زانراوە كە پڕكردنی گەدە لەو شتانەیە كە شەهوەت دەجوڵێنێت، بۆیە پێویستە دووربكەوینەوە لە زۆر خۆری و پڕكردنی گەدە.

*بەردەوام بوون لەسەر ڕۆژووی دووشەممە و پێنج شەممە ، یان ڕۆژووی ڕۆژ نا ڕۆژێك ، نەكەی زوو وازبهێنیت و بڵێی سودی نییە، چونكە ئەم ڕۆژووە دەبێتە هۆی پاداشت وەرگرتن و زاڵبون بەسەر شەهوەتی خواردندا.

*با بەربانگ و پارشێوت بە ژەمە خۆراكیە چەور و شیرین و نیشاستەییەكان نەبێت بەڵكو با كەم و سادەبێت و بەپێی پێویست بێت.

*کەم کردنەوەی ژەمە خۆراکیەکان، پێویست ناکات سێ یان چوار ژەم نان بخورێت بەڵکو دەبێت ڕێك بخرێت و کەمبکرێتەوە.

*دوورکەوتنەوە لەو خۆراکانەی کە خوێی زۆریان تێدایە ، وەکو خۆراکە دەریاییەکان ، هەروەها خواردنی چوالە (بادەم) و فستق.

* نەخواردن تەنها لەکاتی برسێتیدا نەبێت و وازهێنان لەخواردن پێش تێربوون .

*(بسم الله ) کردن پێش خواردن و خواردن بە دەستی ڕاست و لەپێش خۆتەوە.

**٧-چەند خو ونەریتێك لەکاتی خۆشۆردندا:**

*لەکاتی چوونەژوورەوەدا بڵێ:(بسم الله ، اللهم إني أعوذ بك من الخبث والخبائث).

*خۆشۆردن لەماوەیەکی کەمدا و زۆر نەمانەوە بە لەشی صابوناوییەوە ، وە زۆر دەست لێنەدانی ئەو ئەندامانەی کە شەهوەت دەجوڵێنن.

*بیرنەکردنەوە لە کارە جنسیەکان.

*خۆنەشۆردن بە ئاوی سارد چونکە دەبێتە هۆی زیاتر وروژان.

*زوو خۆ ووشك کردنەوە پاش تەواو بوون ، وە جل لەبەرکردن و زوو لە گەرماو ( حمام ) دەرچوون .

**٨-قۆستنەوەی کات (بەکارهێنانی کات لە شتی بەسوددا):-**

*بەیانیان زوو هەستە بۆ ئەنجام دانی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ و سوننەتە ماوەیەك پێش نوێژی بەیانی هەستیت (ئەگەر بتوانیت) بۆئەنجامدنی شەونوێژ و پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون بۆ هەمووان.

*پاش نوێژی بەیانی ئەوەندەی دەتوانیت قورئان بخوێنە یان کتێبی پاڕانەوە و کتێبە بەسودەکانی تر وە ئەگەر هێشتا زوو بوو بۆ چوونە سەر ئیش و کار یان خوێندن ئەوا ماوەیەك وەرزشی سووك بکە، وا باشە نەخەویتەوە بەڵام کە خەو زۆری بۆ هێنای بشخەویتەوە کێشە نییە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم.

*پاشان ڕۆیشتن بۆ کارکردن (خوێندنگا یان زانکۆ یان وەزیفە یان کارو باری ماڵەوە).

با لە هەموو ئەمانەشدا مەبەستی خوا بێت ، وە دوورکەوتنەوە لەهاوڕێی خراپ و ئەوکەسانەی کەخاوەنی چیرۆکی خۆشەویستی و دڵدارین.

*ماوەی دوای نیوەڕۆ زۆرجار بۆ خەوتن و حەوانەوە و ئەنجامدانی کۆمەڵێ کاروباری گرنگە، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە خەوتنی دوای عەسر بۆ مەغریب یان بۆ عیشا وگۆڕینی بۆ خەوی پێش نیوەڕۆ یان دوای نیوەڕۆ بۆماوەیەکی کەم .

*ماوەی ئێواران زۆر پێویستە بەڕێك و پێکی بەکاربهێنرێت ، بۆ نموونە بەشداری کردن لە خولی فێربوونی زمان یان کۆمپیوتەر یان ئیشکردن کە گەنج زۆر پێویستی پێیەتی ، و زۆر ووریا بێت لە خۆ سەرقاڵکردن بەکاری پرو پوچ و خراپەوە

*ئێواران خواردنێکی سوك بخوات لەگەڵ خێزانەکەیدا ( ئەگەر خێزانی هەبوو ) و پاشان هەوڵبدات نزیکەی سەعات( دە) بخەوێت.

*بەکارهێنانی ڕۆژی پێنج شەممە و هەینی لە سەردان کردنی خزم و کەسوکار و ئەنجامدانی چالاکی بەسوود ، وە هەندێك جاریش ئەنجامدانی وەرزش لەگەڵ هاوڕێی باشدا ، وە هەروەها بەشێك لە کاتەکان تەرخان بکات بۆ خوێندنەوەی قورئان و مێژووی ئیسلام ، وە زۆر ووریا بێت لە بەسەربردنی شەو لە سەیرکردنی فیلم و گۆرانیدا بۆ ئەوەی کۆششی هەفتەکەی خراپ نەبێت.

*سەردان کردنی کتێبخانە ئیسلامییەکان و کڕینی کتێبی بەسوود و دیاری کردنی کاتێك بۆ خوێندنەوەیان .

*دیاریکردنی کاتێك هەفتانە یان مانگانە بۆ سەردانکردنی ئەو نەخۆشانەی کە حاڵیان خراپە لە نەخۆشخانەکاندا یان سەردانکردنی هەتیوان و پەککەوتوان و کەم ئەندامان وە هەروەها سەردانکردنی گۆڕستان، کە هەموو ئەمانە نیعمەتەکانی خوای گەورەت بیردەخەنەوە .

**٩-هاوڕێکان:**

هاوڕێ گرنگترین چەکە کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە ، لەکۆنەوە ووتویانە :(إن الصاحب ساحب واتە: هاوڕێ ڕاکێشەرە.

وە هەروەها ووتویانە : (من صاحب المصلين صلى ومن صاحب المغنين غنى). واتە: هەر کەسێك هاوڕێیەتی نوێژگەران بکات نوێژ دەکات ، وە هەرکەسێك هاوڕێیەتی گۆرانی بێژان بکات گۆرانی دەڵێت.

لەشیعری عەرەبیدا هاتووە :

عن المرء لا تسل وسل عن قرينه * إن القرين إلى المقارن ينسب

واتە : لە پیاو پرسیار مەکە پرسیار دەربارەی هاوڕێکەی بکە ، چونکە هاوڕێ دەدرێتە پاڵ هاوڕێی خۆی .

بۆیە هاوڕێی خراپ بە هاوڕێیەتی کردنیان پیاو ناتوانێت ئەو شتانەی باسمان کرد جێ بەجێی بکات ، بۆیە پێویستە ئەوهاوڕێیانە دووریان لێبگیرێت و بگۆڕدرێن بەجۆرێکی تر لە هاوڕێ کە ئەویش هاوڕێی لەخواترسن ، ئەوانەی لە خوا دەترسن و هانت دەدەن لەسەر کردەوەی چاك ، وە لەگەڵ ئەو کەسانەدا خۆشەویستی و حەوانەوەت دووردەبێت لە بەرژەوەندیەکانی دونیا، کە وای لێهاتووە بەسەر زۆرێك لە هاوڕێیەتیە دونیاییەکاندا زاڵە.

بەم شێوەیە لەپاش یارمەتی خوای گەورە بەیارمەتی ئەم هاوڕێ چاکانە دەتوانیت زۆر شت لە خۆت دوور بخەیتەوە لەوانەش خووی نهێنی .

**١٠. بۆ داهاتوو:-**

* ئەگەر ڕێگا چارەکان لەسەرت قورس بوون یان دەرئەنجامەکان بە دڵت نەبوون نائومێد مەبە، گەشبین و بە هیوا بە چونکە لە ڕێگەی نائومێد بوونەوە شەیتان داخل بە ئینسان دەبێت .

* ئەگەر کەسەکە جارێك شکستی هێنا با ئەو هەستە لە لای خۆی درووست نەکات کە ئیتر ناتوانێت بەسەر ئەو کارە قێزەونەدا زاڵ ببێت بەڵکو خۆی ئامادە بکات و دووبارە هەنگاوەکان بگرێتە بەر .

وە ئەم شکستهێنانەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەیتان زانیویەتی کەسەکە چاکە و ڕاستگۆیی تێدایە بۆیە هەوڵ و کۆششەکانی چڕ کردووەتەوە، هەروەها نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە خوای گەورە ئێمەی بە کاملی دروست نەکردووە بۆیە پێویستە هەرکاتێك هەڵەمان کرد بگەڕێینەوە بۆ لای و داوای لێخۆشبوون بکەین .

* پەلەنەکردن لە چارەسەر و شیفا چونکە ئەم کارە دەردێکی هەروا ئاسان نیە و ئاساییە ئەگەر بە پلە پلە وازی لێ بهێنێت .

**ئەگەر پاش هەموو ئەو هەنگاوانە نەتتوانی ئەو کارە قێزەونە**

**واز لێ بهێنیت :-**

ئەی ئەو کەسەی بەو دەردە کوشندەیە گیرۆدە بوویت، دوو دڵ مەبە ئەگەر هاتوو لە سەرەتادا تووشی ناڕەحەتی هاتیت چونکە زۆر زۆر ئاساییە جارێك بەرەنگاری دەکەیت و جارێکیش شکست دەهێنیت، جارێك خەیاڵی جنسی لە مێشکت دەردەکەیت جارێکیش بەسەرتدا زاڵ دەبێت و بەم شێوەیە ... جەنگان بەردەوامە و ڕزگاربوون لەم دەردە تەنها بەو هەنگاوانەی پێشتر دەبێت، سەرباری ئەوەی کە چی بکەیت ئەگەر هاتوو جارێك شکستت هێنا و بوویت بە نێچیری خەیاڵێکی جنسی و نەتتوانی بەرەنگاری بکەیت؟

هەرگیز نائومێد مەبە، هەرکاتێك تووشی ئەو کارە بوویت یەکسەر ئەم هەنگاوانە بگرە بەر:–

* تەوبە بکە و سووربە لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەری .

* خۆت بشۆ، و دەستنوێژ بگرە، و نوێژی سوننەت بکە، یان خۆت ئامادە بکە بۆ ئەنجامدانی نوێژێکی فەرز .

* داوا لە خوای گەورە بکە یارمەتیت بدات لە بەرەنگاربوونەوەی وەسوەسەکانی شەیتان و نەفس بە شێوەیەکی گشتی، وە لە خووی نهێنی بە شێوەیەکی تایبەتی، بە بێ شەرم چونکە تەنها خوای گەورە دەتوانێت ڕزگارت بکات.

* داوا لە خوای گەورە بکە بە حەلاڵی خۆی بێ پێویستت بکات لە حەرام، وە ئەوەندە چێژ و خۆشی ئیمان بخاتە دڵتەوە هەست و بیرکردنەوەت بحەسێنێتەوە و هەست و سۆزە جنسیەکانت بۆ بگۆڕێت بە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ، وە پاشان خۆشەویستی حۆریە چاوگەشەکان، و سێبەری عەرشی خۆی، دڵنیاش بە ئەگەر بە ڕاستی ئەو دوعایانە بکەیت خوای گەورە وەڵامت دەداتەوە، چونکە خۆی ﷻ لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾ ( العنكبوت ) .

## چەند قەناعەتێکی فیکری لە پێش چاوی خۆت دابنێ:

ئەمانەی خوارەوە چەند شتێکە کە ئەزموونی کەسانی ترە لەم بوارەدا و ئەگەر ئەو کەسەی ڕاهاتووە لەسەر خووی نهێنی ( بە تایبەت نێرینە ) لە پێش چاوی خۆی دابنێت، ئەوا بە ئیزنی خوا ﷻ زۆر هیلاك نابێت لە ڕزگاربوون لەم کارە:

هەمیشە بیر بکەرەوە ...

* هەرجارێك خووی نهێنی ئەنجام بدەیت لە تەمەنێکی کەمدا ئەوا دەبێتە هۆی کەم بوونی ڕێژەی توانا جنسیەکانت و ڕێژەی چێژ وەرگرتنی ڕاستەقینەت لە داهاتوودا .

* وازهێنان لەم کارە لە تەمەنێکی کەمدا ئاسانترە وەك لەوەی کە چەند مانگ و ساڵی بەسەردا تێپەڕ بێت، بۆیە پێویستە زوو وازی لێ بهێنرێت و بە چاوی سووك تەماشا نەکرێت، وا نەزانێت هەرکاتێك بیەوێت دەتوانێت وازی لێ بهێنێت چونکە جاری وا هەیە بە چەندەها ساڵ ئەنجامی دەدات و ناتوانێت وازی لێ بهێنێت .

* پیاو ئەگەر لە شەوێکدا هەموو ئافرەتی دونیای دەست بکەوێت ئەوا لە بەیانیەکەیدا بەدوای زیاتر و تازەکردنەوەدا دەگەڕێت، بزانە کە ئارەزووی جنسی سنوری نیە و کۆتایی نیە، و ئەو کەسەی دوای ئارەزووەکانی کەوتووە لە دونیا بێ ڕێز و لە قیامەتیش ڕیسوا دەبێت .

* مادام دەزانیت جێبەجێکردنی خەیاڵی جینسی لەسەر ئەرزی واقیع حەرامە و تاوانێکی گەورەیە ، ئەی ئیتر ئەم خەیاڵە مانای چیە ؟ ئەم ڕاکردنە بەدوای سەرابدا مانای چیە ؟ خەیاڵێك کە تەنها پەشیمانی و حەسرەت بەدوای خۆیدا دەهێنێت .

* پیاوان و ژنانی جیهان هەرچەندە شێوەیان جیاواز بێت ، زۆر جار کاری جینسی هەریەکە ، باشە بۆچی بە حەلاڵ قەناعەت ناکەیت کە چێژ و خۆشی و پاداشتی تێدایە و خۆت لادەدەی لە هاوسەرگیری .

* ئەو جینسە حەرامەی کە ئەمڕۆ دەکرێت (زینا بۆ نمونە) تەنها قەرزێکە و ئێستا دەیکەیت و پاش ماوەیەك درێژ بێت یان کورت دەبێت لە خێزان و منداڵەکانت بیدەیتەوە .

* لەوانەیە شەیتان ئەو بیرۆکەیە دروست بکات کە خووی نهێنی کارێکی ئاساییە و پێویست بە وازلێهێنان ناکات ، کاتێك کەسی ڕاهاتوو لە سەر ئەم خووە ئەم هەستەی لەلا دروست بوو ئەوا بە تەواوی ڕادێت لەسەری و نزیك دەبێتەوە لە تووش بوون بە زیناو تاوانە گەورەکانی تر ، بۆیە ئاگادار بە پێش ئەوەی ڕابێیت لەسەر ئەو حاڵەتانە وەکو چۆن بە سەر زۆرێك لەکەسانی تردا هاتووە .

* هەروەها شەیتان بیرۆکەی وا دروست دەکات کە خووی نهێنی کارێکی پێویستە بۆ دەرکردنی ڕێژەی زیادەی مەنی (بەتایبەتی لە سەردەمی هەرزەکاریدا) تاوای لێ دێت هەرزەکار قەناعەت بەم بیرۆکەیە دەکاتوو وای لێدێت نەك ڕێژەی زیادەی مەنی نامێنێت بەڵکو ڕێژەی پێویستیش لە دەست دەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕێژەی زیادەی مەنی لە لەشدا هەبێت هیچ پێویست بە خووی نهێنی ناکات بە ڵکو خۆی لەڕێگەی خەو بینینەوە (الاحتلام) لە لەش دەردەچێت .

* قەناعەتت بەوە هەبێت کە ئەو وێنە و بابەتە وروژێنەرانەی ئافرەتان و پیاوان کە لە گۆڤارە بێ ئابڕووەکاندا دەخوێندرێنەوە و دەبینرێن تەنها بۆ پارە پەیدا کردن و زیادە ڕەوی و ساختە کردن و جوان کردنی واقیعێکی بۆگەن و ڕیسواکارە کە ئەو کەسانە تێی کەوتوون .

*واقیعی ئافرەتە خراپەکان وەکو دەفرێکە کە شتی پیسی تێدا بێت ، ڕووکاری دەرەوەی زۆر جوانە و سەرنجی هەڵخەتاوان ڕادەکێشێت، کەچی ناوەوەی لە ئەوپەڕی بۆگەنی و پیسی دایە ، دەفرێکە شتی پیسی لێرە و لەوێ کۆکردووەتەوە، هەرکەسێك بیەوێت بەشێك لە پیسی خۆی تێدەکات ، ئایە قایلیت بەم ڕاستیە و چیتر پێیان سەرسام نابیت؟

*ئەو فیلمە جنسیانەی کە بە پێشکەوتوترین ئامێر وێنە دەگیرێت و بەشێوەیەکی زۆر فریودەر پیشان دەدرێت و ملیۆنەهای لەسەر خەرج دەکرێت ، هەمووی لە لایەن دوژمنانی دینەکەمانەوە دەکرێت بۆ فریودان و لەخشتە بردنی کچ و کورە لاوەکانمان و پاشان بەئاسانی دەست گرتن بەسەر خێروبێری وڵاتەکەماندا.

*زۆربەی ئەو گەنجانەی چیرۆکی دڵداری خۆیان دەگێڕنەوە لەگەڵ ئافرەتان و کچاندا وە ئەو ئافرەتانەشی کە چیرۆکی خۆیان لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانیاندا دەگێڕنەوە زۆربەی زیادەڕەوی تێدا دەکەن و دروستکراوی خەیاڵی خۆیانە و کەمێکی کەم لەو بێ ڕەوشتانە نەبێت لەبەشێك لەوشتانەدا

ڕاست دەکەن و گومانی تێدا نیە بەهۆی باسکردنەوە گوناهیان زیاتر دەبێت و جگە لە گوناهی خۆیان گوناهی ئەو کەسانەشیان دێتە سەر کە بە قسە و بەسەرهاتی ئەوان کاریگەر دەبن ، بۆیە خۆت بە دوور بگرە لەو جۆرە کەسانە.

*خۆ ڕزگارکردنی کەسی ڕاهاتوو لەسەر خووی نهێنی لەو وێنە و فیلمانەی کە هەیەتی بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت و بەڵگەیە لەسەر نیەت پاکی کەسەکە ، و خوای گەورە بۆی دەگۆڕێت بە چاکترو جوانترو خۆشتر، بۆیە خۆت ڕزگار بکە لەو شتانە و هیچ شتێکی تر لەوانە وەرمەگرە و پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بپچڕێنە کە ئەو جۆرە شتانەت بۆ دەهێنن.

*ئەو ئافرەتەی بە بێ شەرم و بەسفوری دەگەڕێت و چاو بەدوای پیاواندا دەگێڕێت ئەو ئافرەتە هەموو ماناکانی مێینەیی و جوانی لەدەست داوە، ودەبێتە نێچیرێك بۆ مرۆڤە گورگ ئاساکان کە ئابڕووی دەبەن و قسەی سوکی پێ دەڵێن ، وە لەوانەیە ئەو ئافرەتە وای بەسەر بێت خۆزگە بە مەرگ و تیاچوون بخوازێت و بە دوای داپۆشینی نهێنیەکانیدا بگەڕێت ، ئەمەی وتمان چرپەیەکە دەیدەم بە گوێی خوشکە موسڵمانەکانمدا.

*عەورەتی پیاو یان ئافرەت کە شەیتان دابینی کردبێت بۆ سەیرکردن و قسەلێکردنی تەنها پلە بەندیەکە بۆ تیاچوون و نوقوم کردنی کەسەکە لە دەریای سەرابدا ، دەریایەك کە ئەو کەسەی تێی دەکەوێت ئاهو ناڵینیەتی بەلاَم بێ سودە ، چونکە شەیتان مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ لە ناوچوون و لادان وەکو خۆی وتوویەتی پاشان لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەڵێ من بەری و بێتاوانم لەوەی ئێوە کردووتانە.

*تەنها بەدەست پێکردنی هەنگاوەکانی پێشوو یان هەندێکیان کەسەکە دەبینێت چالاکی شەیتان زیاد دەبێت و هەموو هەلێکی بۆ ڕێك دەخات بۆ تەماشاکردنی حەرام کە لەوەو پێش نەیکردووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسە ڕێگایەکی ڕاست و دروستی گرتووەتە بەر و شەیتانیش هەستی بەوە کردووە بۆیە زیاتر لە جاران هەوڵ دەدات گومڕای بکات ، بۆیە دەڵێین وریابە لاواز نەبیت و سارد نەبیتەوە و بەردەوام بە لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە و ئەو ئامۆژگاریانەی پێشوو جێبەجێ بکە و گوێ بەشەیتان مەدە.

*ژیانی داهاتوو پێویستی بە هەوڵ و کۆشش و کۆڵنەدان هەیە نەك بە عەقڵی خراپە و خەیاڵی جنسی یان مرۆڤی لاواز و بە بەندەکراو کە هەموو کاتەکانی خۆی و زۆربەی هەوڵ و کۆششەکانی خۆی وەکو ئاژەڵان لە خواردن و خواردنەوە و خەوتن و جنسدا بەسەر ببات.

*هەر چێژو خۆشیەکی دونیایی کە مرۆڤ لە ترسی خوا و بۆ ڕەزامەندی خوا وازی لێ بهێنێت خوای گەورە چێژ و خۆشیەکی زۆر لەوە باشتری بۆ قەرەبوو دەکاتەوە لە دونیا و لە قیامەتدا ، وە ئەوەندەش بەسە کە کەسەکە هەست بە چێژی باوەڕ (إيمان) بکات ، سوێند بە خوا ئەگەر ئەو چێژە لە دڵدا دروست ببێت بێ پێوستی دەکات لە ملیۆنەها جار ئەنجامدانی خووی نهێنی یان ئارەزووە جنسیەکان ، ودەیگوازێتەوە بۆ جیهانێك کە پڕە لە حەوانەوە و ئارامی و بەختەوەری کە لە پێشدا لێی بێبەش بووە بەهۆی ئەنجام دانی خووی نهێنیەوە ، خۆزگە ئەنجام دەری خووی نهێنی پرسیار لە هاوڕێ چاکە کانی بکات ، ئەو کات زۆر شتی پێ دەڵێن لەبارەی ئەم بەختەوەری و ئارامیەوە.

*ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات و کۆشش بکات بۆ وازهێنان لەو خووە خراپە ئەوا لە ڕۆژی دواییدا بە حۆریە چاو گەشەکان خەڵات دەکرێت ، کە لەسەرووی هەموو وەصفێکەوەن و جوانیەکەیان بە دڵی کەسدا نەهاتووە ، وئەوانە لە پێشترن بۆ ئەوەی خەیاڵیان بکەین و هەوڵ بدەین بەدەستیان بهێنین ، و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدەین ئەم خەیاڵە جینسیە حەرامانە و ئەم شەهوەتە ئاژەڵیانە بگۆڕین بە حەوانەوەیەکی جنسی بەرز و گەورە لەگەڵ خێزانت لە دونیادا وە لەگەڵ خێزانت و حۆریە چاو گەشەکانیش لە بەهەشتدا ، چونکە ئەم چێژ و خۆشیە کۆتایی نیە و خۆشی و چێژێکی دونیایی پێی ناگات تەنانەت ئەگەر کاری جنسی لەگەڵ هەموو ئافرەتانی دونیادا بکەیت ، با خەیاڵی حۆریە چاو گەشەکان بکەین لە جیاتی هەرخەیاڵێکی جنسی تر ، ئەوکاتە هەست بەجیاوازی دەکەیت بەدڵنیاییەوە ، وە وریابە خۆت بێبەش نەکەیت لەم بەختەوەرییە بۆ ئەوەی نەچیتە ڕیزی ئەوکەسە گێل وگەمژانەوە کە جیاوازی ناکەن لە نێوان بێنرخ و بەنرخ ولاواز و قەڵەو و ڕێگای حەق و ڕێگای شەیتاندا .

وە پاشان ....بە کەسی ڕاهاتوو لەسەر خووی نهێنی دەڵێین : هەزار حەز و هیوا بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات ، بەپلە پلە دەست پێ بکە و داوای یارمەتی لەخوا بکە و بێ ئومێد مەبە ، و تووشی

نارەحەتی نابیت بە ویستی خوا مادام نیەتێکی ڕاستەقینەت هەبێت وسووربیت لەسەر ڕزگارکردنی دەروونت لەم ئازارە ، وە مژدە بێت بۆ تۆ کە دەرئەنجامەکانی ئەم ئەزموونە وا دەکات زۆر گەشبین بیت ، چونکە کەسانێك هەبوون تاوەکو لوتیان لەم کارە خراپە دا نوقم بووبوون بەلاّم بەپشتیوانی خوای گەورە و پاشان بەدەست کردن بە جیّ بەجیّ کردنی ئەو هەنگاوانەی پێشوو بەچەند قۆناغێك ، توانییان بەسەر ئەم کارەدا زالّ بن و بچنە ڕیزی پیاوچاك و بەختەوەرەکانی کۆمەڵگاوە ، ئەمەش بەجیّ هاتنی ئەو ووتەیەی خوای گەورەیە کە فەرموویەتی﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ تەنها دەست پیّ بکە و دوودلّ مەبە و ئەگەر هەستت کرد سودت لەم نامیلکەیە بینیوە و هەستت بە ئارامی کرد ئەوا داوای دوو شتت لیّ دەکەم :-

یەکەم :- پاڕانەوە (دوعا)کردن بۆ خاوەنی ئەم باسە وە بۆ هەموو ئەوانەی کە یارمەتی دەرچوون و بلاّوکردنەوەیان داوە، بە لێخۆش بوون و لەشساغی و پاداشتی چاك لە دونیا و دواڕۆژدا.

دووەم :- بەخیل مەبە وئەوەی دەزانیت پێویستی بەم باسە هەیە نوسخەیەکی پیّ بدە بۆ نەهێشتن وخۆپاراستن لەئەم نەخۆشییە کوشندەیە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

==============================

**لەبڵاوکراوەکانی**

# ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

**ba8.org**
**walamakan.com**